سەرکی گروپی سەربازی ڤاگنەری ڕوسی بڕینی تەسەندنەوەی لە دژی هێزەکانی ڕوسیا دا

سەرکی گروپی سەربازی ڤاگنەری ڕوسی "یەفگینی پریگژین" ڕۆژی هەینی بڕینی تەسەندنەوەی لە دژی هێزەکانی ڕوسیا دا دوای ئەوەی سوپای ڕوسیای تەمەتبارکرد بە بەردومانکردنی کەمپەکانی سەربازەکانی.

فەرماندەی ڤاگنەر وتی، "بەردومانەکانی سوپای ڕوسیا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانمانی کوشتووە و داوای لە سوپای ڕوسیا کرد ڕووبەڕووی هێزەکانی نەبنەوە".

هەروەها فەرماندەی ڤاگنەر وەزیری بەرگری ڕوسیای تەمەتبار کرد بەوەی فەرمانی بەردومانکردنی هێزەکانی داوە.

فەرماندەی ڤاگنەر داوای لە ڕووسییەکان کرد بەتایبەتی ئەندامانی سوپا بچنە ئیزی چەکدارەکانیەوە.

پریگژین لە پەیامەکی دەنگیدا وتی، "25 هەزار ئەندامەمان هەیە و ئەنجامی ئاژاوە لە وەاتەکەماندا دیاریدەکەین"، وتیشی، پەشوازی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە دەیانەوەت بەشداربن لە گروپەکەمان و لەگەڵمان بن بە کەتایی هەنان بە ئاژاوەکە.

لە یەکەم لەدوانیدا سەبارەت بە لەدوانەکانی فەرماندەی ڤاگنەر، وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ئەو هاپەرتانەی ڕەتکردەوە کە دەڵێن هێزەکانی هەرشیان کردووەتە سەر شوێنەکانی گروپی ڤاگنەر.

وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ڕۆژی هەینی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند ئەو زانیارییانەی لە تەڵە

کەمەڵە یەتییەکاندا بەاوبوونەتەوە سەبارەت بە هەڕەشەکی گومانلێکراوی وەزارەتی بەرگری بە سەر کەمپەکانی دواوەی کەمپانیای "ڤاگنەر" هاندانی میدیایە.

سەرەکی گروپی ڤاگنەری ڕوسی، "یەفگینی پریگژین" ڕۆژی هەینی ڕاشیگەیاند، پاساوی کرەملن بە داگیرکردنی ئۆکراینا لەسەر بنەمای درێژەک بووە کە لەلایەن بەرهەڵستکارانیەوە دروستکراوە کە ماوەیەکی زۆرە لە فەرماندەیی سوپادان.

هەر لەم بارەیەوە، فەرماندەیی گروپی ڤاگنەر لە کۆتا لەدوانیدا ڕایگەیاند کە هێزەکانی بەرەو خاکی ڕوسیا و بە مەسکۆی پایتەخت بەڕێدەکەون و هەر هێزێک ڕووبەڕوویان ببێتەوە ئەوانیش ڕووبەڕوویان دەبنەوە.